# کورد لە نێو گەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا....

کانی هەڵەبجەیی
هۆڵندا




عیراق بەهۆی جێگە ستراتیژییەکەیەوە کە دەڕوانێتە سەر کەنداوی عەرەب لە ئەمڕۆداو هەروەها لە کۆنیشدا ڕێگەی بازرگانی نێوان هیندو چین و وە لە دووابیشدا هەریەک لە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی باڵیان کێشاوە بەسەریدا، وە بەردەوام بووە تاکو ساڵی 1920 کە بە ناو دەوڵەتی عیراق دامەزراو بە بێ پرسی کوردیش کوردستانی باشوریان لکاند بە عیراقەوە.

لەدوای ئەو مێژووەوە هەریەک لە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو دەوڵەتە بە ئاگرو ئاسن گەلی کوردیان کردۆتە ئامانج و بە هەر بروبیانویەک شۆڕشەکانیان شکست پێ هێناوە. وە ئێستاش شێوەی داگیرکاری کۆن نەماوە ئەوا بە شێوەی داگیرکاری نوێ هاتونەتەوە ناوچەکە.

یەکێک لەو ڕژێمە دیکتاتۆریانەی کە فەرمان ڕەوایی عیراقی کرد ڕژێمی فاشستی بەعس بوو کە بە هیچ شێوەیەک نە هێزەکانی ناوخۆو نە زلهێزەکانی دەرەوە نەیاندەتوانی گۆڕانکاری بەسەردا بێنن، تاکو دوای کۆتایی جەنگی عیراق و کوەیت، ئیدی ئەمریکاو هاوپەیمانانی چەندەها بەهانەیان بۆ هێنایە ئاراوە وەک هەبوونی چەکی کیمیاوی کۆمەڵ کوژ و پەیوەندی هەبوون بە ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەوە. هەرچەندە زۆرمان دەزانین کە لە کاتی گەمارۆ ئابورییەکەدا ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتی چەکی کۆمەڵ کوژی دەکرد گشت چەکەکانی عیراقی لەناوبرد. بەڵام بەهانەی سەرەکی نێو ئەندێشەی ئەمریکا گۆڕینی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی بەعس و داگیرکردنی عیراق بوو. ئەمەش خەونێکی مەزن تری ئەمریکای لە پشتە ئەویش دەستگرتنە بەسەر ئاوی شلەتێندا (ئاوی شلەتێن ئەو ئاوانەیە کە بۆ بازرگانی دەست دەدەن) وە ئەمەش وا دەکات کە گەمارۆ دانی ڕوسیا نزیک بخاتەوە، وە بێگومان دەست گرتن بە سەر سەرچاوەی وزەدا بەتایبەتی نەوت.

دوای ئەم بەهانانە بە بێ ویستی نێودەوڵەتی بە تەنها ئەمریکاو بریتانیا بە چەک و جبە خانەیەکی زۆری زەوی و ئاسمانی و دەریاییەوە هێرشیان کردە سەر عیراق وە کوردیش بووە هاوپەیمانیان لەم کارەدا، چونکە لەناو بردنی ڕژێمی بەعسی فاشست خەونێکی لە مێژینەی گەلی کورد بوو، بۆیە بە سنگێکی فراوانەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدا بونە هاوکاری ئەمریکاو بەشدارییان لە ڕوخاندنی ئەو ڕژێمەدا کرد.

دیارە هاوکاری کردنی کورد لەگەڵ ئەمریکادا تەنها هەوڵێک بوو بۆ هێنانەدی خەونەکەمان کە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس بوو، بەڵام بێ ئاگا بووین یان خۆمان بێ ئاگا دەکرد لەوەی ئەمریکا نەخشەی ڕێگایەکی زۆر دوور تری لەگەڵ خۆیدا هانیبوو کە ئەویش پرۆسەی گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بوو. ئەلێرەدا نەهامەتییەکانی کورد ڕوون دەبێتەوە کە بێ ئاگایانە دەستی دایە دەستی ئەمریکاو ناوی نا هاوپەیمان، بەڵام با بێین بپرسین کە عیراق چەندەها گەلی تێدایە وە لە هەموو داگیرکردنێکیشدا مافی ڕوبە ڕوو بونەوە هەیە وەک چەندەها ساڵە کورد ئەو مافە بەکاردێنێت.

ڕۆژهەڵاتی گەورە بە پێی لێکدانەوەی ئەمریکا بە داگیرکردنی عیراق ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئەوەی ڕژێمەکانی سوریاو ئێرانو سعودیە گۆڕانکاری بەسەردا بهێندرێت یاخود بە واتای ئەمریکا دیمۆکراتیزە کردنی ئەو ناوچانە. ئەوە تا ئێستا دەبینین کە ئەو ڕژێمانەی ئەمریکا دەیەوێت بیانگۆڕێت بونەتە بەرهەڵستکاری و لە هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەمریکا بە ئاگان وە بە هێزێکی زۆرەوە یارمەتی هێزەکانی بەرەمنگاربونەوەی عیراق ئەدەن ئەوەتا ئەمریکایان خستۆتە زەلکاوێکەوە، لێرەدا هەڵوێستەیەک دەکەینو دەگەڕێینەوە بابەتە سەرەکییەکەی خۆمان کە کوردە.

کورد بە هەموو هێزێکیەوە لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانانی بوو بێ ئەوەی کە هیچ شتێکی نوسراویان لە نێواندا بێت، چونە ئەو گەمە گەورەیەوە لە ناوچەکەدا بێ ئەوەی تێڕوانینیان هەبێ بۆ پرۆسە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کە دژی ئێرانو سوریاو سعودیە بوو کە هیچ لەم دەوڵەتانەش بێ ئاگا نین لەوە. لەبەر ئەوە بوونەتە بەرهەلستکارێکی گەورەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، چونکە دەزانن ئەو گۆڕانکارییەی لە عیراقدا کراوە سبەی ئەوانیش دەگرێتەوە.

خەستی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو کورد وای کردووە کە ئەو دەوڵەتە ناوچەیی یانە دژی کوردیش بووەستن. وەک چۆن چەندەها بەهانەی بێ جێیان تا ئێستا بۆ کردوین وەک ئەوەی کە گۆوایە کوردستان بۆتە بنکەیەک بۆ مۆسادی ئیسرائیلی وە مەشق کردنی پێشمەرگە لەلایەن مۆسادەوە بۆ ناردنیان بەرەو ئێران.

لە کاتی پرۆسەی (ئازاد کردن)ی پاشان داگیرکردنی عیراق هێزەکانی ئەمریکا بە هاوشانی هێزی پێشمەرگە ملیان ناو کەرکوکیان بۆ جاری دوهەم ئازاد کرد، بەڵام هەر لەو کاتەدا دەرکەوت کە کورد نەخشەی ڕێگای پێ نەبوو، چونکە دەبوایە کاتێ کەرکوکیان ئازاد کردەوە خێرا پێشمەرگە پارێزەری شارەکە بوایە نەک ئەمریکا، ئەوە بوو وەک بینیمان ئەمریکا خێرا بە ناوی پارێزگاری کردنەوە دەستی بەسەر بیرە نەوتەکاندا گرتو هیچ ڕۆڵێکی بۆ کورد دانەنا هەروەک چۆن ساڵی 1988 لە شاری هەڵەبجەی شەهید ڕویدا، کە کاتێ ئێران شاری هەڵەبجەی گرت بە هیچ شێوەیەک نەیهێشت بارەگاکانی پارتە کوردستانییەکان کە هاوکاری بوون لە ناو شارەکەدا بمێننەوەو هەمویانی ڕەوانەی سەر سنورەکان کرد.

باشە قەدەغەکردنی هەڵکردی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک ئاگادارییەک نەبوو بۆ کورد تا بە ئاگا بێتەوە؟

ڕاستە پێدەچوو ڕوخاندنی عیراق هاریکار بێت بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی چونکە ئەمریکا دەیتوانی کورد بکاتە بەهانە بۆ ڕوخاندنی وڵاتانی سوریاو ئێران وە پاشان ئامانجەکەی خۆی بەدی بێنێ کە ڕوخاندنی وڵاتی ڕوسیاو لەناوبردبی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانە. واتە بۆ ئەوەی ئەمریکا لە روسیا نزیک بێتەوە پێویستی بە داگیرکردنی ئێران زۆرە، بەڵام بەداخەوە کورد زیرەکانە ئەو هەلەی نەقۆستەوە بێ پەیمانێک یاخود شاهیدێک یان هەر نوسراوێک باوەشی بۆ ئەمریکا کردەوە.

ئێمە گەلێکی خوێنەرو ڕۆشنبیرین وە باش دەزانین کە دیموکراتیزە کردنی ناوچەیەک یان وڵاتێک بە زەبری هێز نابێت بەڵکو بە چاندنی نەمامی دیمۆکراسی دەبێت لە ناخی مرۆڤەکاندا، چونکە هەموو هێزێێک دژە هێزی هەیە. ئێمە بینیمان پێش دەست پێکردنی جەنگی عیراق ئەمریکا بانگەوازی ئازادی و دیموکراتیزە کردنی عیراقی دەکرد بەڵام دواتر خۆی بە زاری خۆی ئەمریکای بە داگیرکەر ناوبرد، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو نیمچە سەربەخۆیی یەی کە کورد هەیبوو بۆ جارێکی دی داگیر کرایەوە.

بەڵام لە ناوچەکانی دی عیراق ئەم داگیر کردنە بەم هێزەوە بەرەنگاری لێ دروست بوو کە ئێستا بە تیرۆریست ناویان دەبرێت.

ئەی جێی سەرسوڕمان نییە بۆ کورد کاتێ ئەمریکا بە ئێمە لە باشوری وڵات دەڵێ هاوپەیمانو هەر بە ئێمەش لە باکوری کوردستانەکەماندا دەڵێ تیرۆریست؟

مافی بەرگری کردن بە پێی بنەماکانی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی مافێکی ڕەوایە، وەک چۆن ئێمەی کورد چەندەها ساڵە ئەم مافە بەکار دێنین و بەرگری لە وڵاتەکەمان دەکەین.

کەوابێت فەرامۆش کردنی گەلێک لە مافی بەرەنگاری کردنەوەی داگیرکەر بۆ ئێمەی کورد گەمەکە نالەبار تر دەکات، چونکە ئێستا ئێمە بە داگیرکەری وڵاتێک دەڵێین ڕزگارکەر. لەمەشەوە هەموو لایەک(دەوروپشت) بونەتە دوژمنمان، هاوپەیمانەکەشمان ئەوەتا لە کۆتاییدا کە گەمەکەی بە سەرکەوتویی ناچێت بەڕێوە ئێمەی کورد دەکاتە قوربانی گەمەکەی هەر وەک چۆن زۆر بە ڕوونی لە ڕاپۆرتەکەی هاملتۆندا دەردەکەوێت. چونکە بە پێی ئەو ڕاپۆرتە وە هەروەها بە پێی ڕاپۆرتەکەی پەنتاگۆن دەبێت کۆنە جاشەکان و بەعسییە فاسیشتەکان بهێنێتەوە گۆڕەپان و گەمەیەکی نوێ بە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز ساز بکات کە دژ بە دەستکەوتەکانی گەلی کوردە کە لە ماوەی 16 ساڵی ڕابردودا بەدەستی هێناوە. وە هەڵەی ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەمریکا دەبێتە هۆی چاوەڕوان کردنی شەڕێکی ئەهلی بە تایبەتی لە دەشتی گەرمیان وەک چۆن بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی پێکرد.

بە پێی ئاماژە کردنمان بۆ دەوڵەتە ناوچەیی یەکان لە حەزە ناڕەواکانی تورکیا دەردەکەوێت بە هێنانەوەی ولایەتی موسڵ کە تاکو ئێستاش چەند لیرەیەک بۆ ئەو مەبەستە لە خەزێنەی تورکیادا دانراوە. کەوابو گەمەکەو دیمۆکراتیزە کردنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها بەسەر کوردا دەشکێتەوە. سبەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن ، قوڕە خەستکراوەکەش تەنها کورد تێیدا نوقم دەبێ، چونکە ئێمە لەچاو عەرەبدا کەمینەین لە عیراقداو دەوڵەتە ناوچەیی یەکانیش بە هەموو جۆرێ دژمان دەوەستن.

ئەمجا خاڵێکی دی لە بارەی تورکیاوە ئەوەیە کە تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمریکایەو لە پەیمانی ناتۆ دایە، بەڵام ئەویش ستراتیژی تایبەتی خۆی هەیە بەوەی کە دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبەکان دانەبڕێت وەک ئەو پەیمانە ستراتیژیەی لە نێوان تورکیاو سوریادا بەسترا کاتی سەردانەکەی بەشار ئەسەد بۆ تورکیا کە هەردوکیشیان لەگەڵ ئێراندا هەموو کاتێک لە کۆبونەواکانیاندا دژی ستراتیژیەتی کورد دەوەستن لە باشوری ووڵاتەکەماندا.

با بێینە سەر ئەو بارە ناوچەیی و جیهانییەی کە دەوری کوردستانی داوە وەک بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران کە بە هەموو شێوەیەک دوژمنایەتی خستۆتە نێوان ئەمریکاو ئێرانەوە، ئێرانیش بە پێی ڕۆڵی خۆی یارمەتی شیعەکانی باشوری عیراق ئەدات دژی ئەمریکاو نفوزی لە ناوچەکە زۆر بووە یاخود لە لوبناندا بەهۆی یارمەتی دانی ئێران بۆ حیزبوڵا وە دروست کردنی پەیوەندییەکی ستراتیژی لە نێوان ئێران و سوریادا.

دوای تێک شکاندنی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لەلایەن نەیارەکانی ئەمریکاوە کێکی سەرکەوتن دابەش دەکرێت. کە بە ڕای من گەلی کورد هیچی بەرناکەوێتو ئەبێ بە قوربانی سیاسەتە ناوچەیی و جیهانییەکان.

ئەگەر هاتو وەک لە ڕاپۆرتەکەی هامڵتۆندا ئاماژەی پێکراوە وتووێژ لە نێوان ئێرانو سوریادا بکرێت لەبارەی عیراقەوە، ئایا ئەمریکا دان نانێت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا بەرامبەر بە کەم کردنەوەی نفوزی ئێران لە عیراقدا؟ بێگومان با. واتە ئێران نفوزێکی زێدە تر پەیدە دەکاو دەبێتە هێزێکی ناوچەیی گەورەی خاوەن ئەتۆم کە ئەمە زیانی بۆ کورد هەیە چونکە خۆشی یەکێکە لە داگیرکەرانی کورد.

ئەی دەبێت سوریا چ بەشێک لە کێکەکە بەرێت، بە رای من دەبێت بە دوو شێوە بێت:

1- گێڕانەوەی جۆلان بۆ سوریا

2- گێڕانەوەی دەستەڵاتی سوریاو هاوپەیمانانی بۆ لوبنان

وە عەرەبستانی سعودیش دەیەوێت زیاتر بێتە ناو کایەکەوەو بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت بەرەیەکی مەزن دروست بکات بۆ یاردەدانی سونییەکانی عیراق دژی زۆربونی نفوزی ئێران کە پێی دەوترێت (ئەل هیلال ئەل شیعی).

ئەی تورکیا چ بەشێکی دەکەوێت؟

ئەویش ئەو خەونە کۆنەی خۆی دەوێت بێنێتە دی کە ویلایەتی موسڵە. یاخود بە هەر جۆرێک بێت بێتە ناو خاکی کوردستانی باشورەوەو ئەو هەلە زێڕینە کە کورد پێی گەشتووە لە بار بەرێت بە شێوەیەکی سەربازی یاخود بیانوی نەگۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوکو یان یاریدە دانی بەرەی تورکمانی کە گۆوایە گەلی کورد ناسنامەی ئەوان دەسڕێتەوە.یاخود بوونی هێزی پێشمەرگەی (pkk) کە دژی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیایە بە بۆچونی خۆیان.

ڕۆڵی هێزە دەرەکی یەکان لە گرفتەکەدا وەک وڵاتانی فەرەنساو ئەڵمانیا ئەوەیە کاتێک کە دژی داگیرکردنی عیراق بون وە دژایەتییەکی زۆر کەوتە نێوان ئەمریکاو ئەم دەوڵەتانەوە بەتایبەتی کاتێ بۆش ووتی ئەوانە ئەورووپای پیرن، ئەمانیش بە ڕای من هەموو کاتێک هەوڵ دەدەن ئەو پرۆسەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکا تێک بشکێنن.

جگە لە ڕوسیاش کە هەموو کەس دەزانێ دوای کەوتنی یەکیەتی سۆڤیەت ئەمریکا بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت زێتر دژی ڕوسیا بوەستێو لە هەموو بارەیەکەوە بەتایبەتی باری ئابوری ڕوسیا کە کەمێک نالەبارە، ڕوسیاش وەک خۆی دژی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا دەوەستێو دەیەوێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێتەوە سەر زەمانی یەکیەتی سۆڤیەت، وەک بینیمان کە حارس زاری بانگ کرد وە وتو وێژی لەگەڵ کرد، بێگومان ئەمانەش دژی پرۆسەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە، کەوابوو بەرەیەکی دەرەکی، وەک ئەڵمانیاو فەرەنساو ڕوسیا دژی پرۆسەکەی ئەمریکا دەوەستن

کەواتە بەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە گرنگانە کورد هیچ ڕێڕەوێکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە جگە لە پشت بەستن بەخۆی یاخود دانانی هێلێکی پاشەکشێ یاخود لە هەمووی گنگتر پشت بەستن بە شاخ هەروک چۆن لە لێکدانەوەی ڕاپۆرتەکەی هاملتۆندا بە ناوی (کوردو ڕاپۆرتەکەی هاملتۆن) ئاماژەم پێ کردووە.

لە نێو گێژداوی ئەم هەموو بارە ناوچەیی و جیهانییە کە جەنگی عیراق خولقاندی وە ئێستاش ئەمریکا لە زەلکاودایە ئەیەوێت بە هەر جۆرێک بێت بە ئاوی ناوچاوان لە بارودۆخەکە ڕزگاری بێت، ئیتر قەیدی نییە کێ دەبێتە قوربانی و بێگومان ئەو قوربانییەش هەر کورد دەبێت.وە بەم نزیکانەش پێش یان پاش سالی نوێ ڕوون دەبێتەوە کە ئەمریکا بەتاواوی وازی لە پرۆسەی ڕۆژهەلەتی گەورە هێناوە، وەک چۆن لە ڕاپۆرتەکەی هاملتۆن و پەنتاگۆندا ڕون بۆتەوە.